هەڤپەیڤین

ئەدۆنیس:

# ئاو بەتەنیا وەڵامی تێنوێتی نییە

و: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی



ئەمرۆ ئەدۆنیس بەیەکەمین شاعیری عەرەب دەژمێردرێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی مەحموود دەرویش کۆچی دوایی کرد، بەڵکو وەک ڕۆماننووس (ئۆکتافیۆ پاز) دەڵێت گرنگترین شاعیری ڕووی زەوییە. بۆیە وێڕای ئەو بەناوبانگییە جیهانییەی کە هەیەتی و ئەو پلە بەرزەی پێی گەیشتووە، کەچی ئەدۆنیس مرۆڤێکی بەرچاوتێرو لەڕووی پێوەندی مرۆییانەوە پێوەندییەکی زۆرو زەبەندەو چڕوپڕی لەگەڵ خەڵکدا هەیە. لەماوەی چوار ڕۆژی ڕەبەقدا لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ کتێبخانەی نیشتمانی جەزایر لێی نزیک بوومەوەو بۆم دەرکەوت کە توێژەرو ڕۆشنبیرو ڕۆشنفکرێکی دەگمەنە، چونکە وێڕای بوێری هزرەکانی و شێوازی بەرپرسیارکردنی کولتووری عەرەبی، ئەدۆنیس پاساوەکانی بەهێزن و لەکاتی باسکردنی پرسە گرنگەکانی ڕۆشنبیریدا توانای قایلکردنی زۆرە. لە دوایەمین ساتەکانی پێکەوەبوونماندا ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ ئەنجام داوە:

*** ئەگەر (ئاو) بەتەنیا وەڵامی تینوویەتی نەبێت، ئەوە ئەمڕۆ چی شتێک هەیە تینوویەتی ژیاری و هزری و سیاسی عەرەب بشکێنێت؟**

ـ بەلای منەوە ئەمە چڵەپۆی پرسیارەکانە، چونکە پێویستی بەچڵەپۆی وەڵامەکانە. من وەڵامێکم لا نییە، ئەدی چۆن چڵەپۆی وەڵامەکانم لا بێت. بەڵام لەو بڕوایەدام کە سەرەتای دەربازبوون لەم تەلەزگە گەورەیە سەرەتا هەوڵ بدرێت شی بکرێتەوە، پاشان بە قووڵی لێی تێ بگەن. لەو بڕوایەشدا نیم بەبێ ئەوەی تەماشای هۆیەکان نەکرێت ئەم شیکردنەوە بێتە دی، ئەو هۆیانەی کە بەردەوام خۆیان لە رابوردوودا حەشار داوە، لەو کولتوورەی ماوەتەوە لەو ژیانەی کە دەگوزەرێنرێت، ئەوانەی پێوەندییان بەلایەنی رۆشنبیری یان بە گشتی بەلایەنی کۆمەڵایەتی یان بەتایبەتی بەبڕوای ئایینییەوە هەیە. بەداخەوە وەک بۆم دەردەکەوێت ئێمەی عەرەب تا ئێستە ئەم شیکردنەوە پێویستەمان ئەنجام نەداوە. ئەگەر ئەنجامیشی نەدەین ئەوە وەڵامەکە دژوار دەبێت، چونکە پرسیارەکە لەدەرەوە یان لەسەرەوە نایەت. وەڵامەکەیش لە خۆوە نایەت. بۆ ئەوەیش ئەم وەڵامەمان دەستگیر بێت، ئەوە پێویستە ئەم شیکردنەوەو تێگەیشتنە ئەنجام بگرن کە ئاماژەم پێ کرد. کاتێک ئەوەی دەیگوزەرێنین تێی بگەین و لێی بگەین، دەشێت بگەینە ئەو ئاسۆیەی بەرەو ئەو شوێنەمان دەبات کە پێویستە بیگەینێ. کەواتە ئێمە چاوەڕێی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە دەکەین، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستە دەستمان پێنەکردووە.

*** شەپۆلی چامەی پەخشان رادەوەستێت و هەرگیز بەردەوام نابێت، چونکە ئەم جۆرە نووسینە ناتوانێت هیچ جوانییەکی نوێ دابهێنێت**

*** بەڵام چەند هزرڤانێکی عەرەب شیکردنەوەی بوێرانەیان ئەنجام داوەو بەشێوەیەکی قووڵ رابوردوویان هێناوینەتە گۆ، بەڵام ڕوو بەڕووی دەستەڵاتی ئایینی بوونەتەوەو بەخوانەناس ناوزەد کراون و هزرەکانیان شێوێنراون؟ ئەوەتە نەسر حامد ئەبو زەیدو جابری و ژمارەیەکی زۆرتر؟**

ـ ئەمە ڕاستە. ئەو هزرەڤانانەی ئاماژەت پێدان، لەگەڵ محەمەد ئەرگۆن و عەبدولکەبیر ئەلخەتیبی کە لەبیرمان کردووەو ئەمەیش کارێکی نادادوەرانەیە، ئەوانە تەنیا لە چوارچێوەی تیۆری و ئایدیۆلۆژی گشتیدا ئەو کارەیان کردووە. ئەو شیکردنەوەیەی ئاماژەی پێدەکەم پێویستە پشت بەشیکردنەوەی بناخەکانی سەرەتا ببەستێت کە کۆمەڵگەی عەرەبیان لەسەر دامەزراوەو ئەو رۆشنبیرییەی لێوە هەڵهێنجراوە کە پێی دەڵێین رۆشنبیریی عەرەبی. لێرەوە ئەو بناخە سەرەتایەی کە پێویستە شیکردنەوەکە لێی بکۆڵێتەوە ئایینی ئیسلامە کە تەنیا بڕواو بڕوا پێبوون نییە، بەڵکو رۆشنبیریشە، وێڕای ئەوەی کە ژیانێکی کۆمەڵایەتیانەو ئابووریانەیە. کەواتە ئەو هزرڤانانە لەگەڵ ئەوەیشدا گرنگن کەچی خۆیان لە قەرەی ئەم شتگەلانە نەداوە. ئەمە بەگشتی، بەتایبەتی هیچ پرسیارێکیان لەبارەی ئایینەوە نەورووژاندووە، رەخنە ئاراستەکردنی ئایین واتای ئەوە نییە تەنیا رەخنە ئاراستەی هەندێک بڕواو هەندێک ئاراستە بکرێت. رەخنەی ئایینی رەخنە لە واتاکەیەتی. بۆ نموونە ئایە مرۆڤ پێویستی بەئایین هەیە؟ ئەمڕۆ بەهای مەعریفی ئایین چییە؟ هەر لە

زۆر کـۆنەوە نووسـەران و شـاعـیـران لە کـۆمـەڵی عـەرەبدا هەبوون باسی ئەوەیان کردووە گوتوویانە دەشێت پێویست بەئایین نەکرێت. جا لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەقڵ و ئایینی هەیە، لەبەرئەوەیش کە ئەقڵ پێش ئایین کـەوتووە، بۆیە لە ئایین دەگـات و وەریدەگـرێت، نەک بەپێـچـەوانەوە. لێـرەوە دەتوانرێت بگوترێت کە دەشێت مرۆڤ پێویستی بەئایین نەبێت.

ئەبو ئەعـەلا مـەعـەری بەئاشکرا ئەوەی گـوتووە (دانیـشـتـووی سـەر زەوی دوو کـەسن: هەیە ئەقـڵی هەیە و ئایینی نییـەو هەیە ئایـینـی هەیەو ئەقـــڵی نیـــیـــە). کـــەواتە ئەو هزرڤانانە پرسیارە بنەڕەتییە میتافیزیکییەکانیان سـەبارەت بەپرسی ئایین نەکردووە، وەک بلـێـیـت هیچ شـتـێـکیـان شێ نەکـردبێـتـەوە. لە لایەکی دیکەوە بەشـێـوەیەکی ورد لەم پێـوەندی و تێکچرژانە مێژووییانەی نێوان ئایینی و سیاسی لەژیانی عـەرەبیـدا نەکـۆڵیـونەتەوە. چۆن ئایین بووەتە تەختێک خەلیفەو فەرمانڕەواو فەرماندەکان لەسـەری ڕۆدەنیـشن؟ چۆن و لەبەرچی ئەوە رووی دا؟ بۆچی ئایین هاوپەیمانی لەگەڵ دراوو داراییدا بەسـتـووە؟ بەپێی ئەوەی پێـشـوو، ئەوە ئایین ئەزموونێکی رووحی و ئەزموونێکی میـتافیزیکی و ئەزموونێکی مرۆیی نییە، پڕ بەپێستی وشەکە، بووەتە ئەزموونێک بۆ دەسـەڵات و، بۆ فـەرمـاندایەتی، بۆ دارایی و بۆ هەمـوو جـۆرە کـاروبارەکـان، تەنیـا لە جـەوهەری خۆیدا نەبێت. لەو شیکردنەوەیەی کە مەبەستمە پێویستمان بەم جۆرە پرسیـارانە هەیە، بەڵام بەداخـەوە ئەوەمان تا ئەمڕۆکە ئەنجام نەداوە.

*** لە دوایەمین کـتـێـبـتـاندا(تەنیـا ئاو وەڵامی تێنوویەتی نییـە) دوو پەڵە هەور دەبینین یەکێک بەسـەر نیـۆیۆرکـەوەو ئەوی دیکە بەسـەر (قـەسـابین)ەوە، ئەم هەورانە . وێسـتگانە بەلای ئەدۆنیسەوە چی دەگەیەنن؟**

- ئەم کتێبە لە دوو پاڕ پێکدێت، یەکەمین بەش بە ناونیـشـانی (هەورگـەل)ەو دووەمین بەشـیش (سیـاسـەتی رووناکی) کە بەشـێـوەیەک لەشـێـوەکـان پێـوەندی بەهەورەوە هەیە. لێرەدا هەور ئاماژە بەو شتە دەکات کە بەشـێـوەیەک لە شـێـوەکـان دەشـێت بەرچاو بگرێت یان بینین کـز بکات یان تێک بدات. بەهێـمـایش هەور ئامـاژە بەو تەنگ و چەڵەمـەو ئەو کـۆسپ، یان بەربەسـتـانە دەکـات کـە نایەڵن مـرۆڤ و ژیان و جـیـهـان بەشـێـوەیەکی دروست ببـینرێن. بەبڕوای من لە ئاستی گێـتیدا ئەوە نیویۆرک هێمایەکی بنەڕەتی ئەم بەربەست و بەرچاوگـرتنەیە. بەم واتایەیە کـە (هەورێک بەئاسـمـانی نیـۆیۆرکـەوە)م نووسـیـوە. هەرچی (هەورێک بەئاسـمـانی قەسابینەوە)یە بۆ ئەوە نووسـیـومـە بۆ ئەوەی دژەکـەی دیکە بێت. (قـەسـابین) هێـمـای گـوندو لادێی عـەرەبە، هەروەها هێـمـای جـووتیـارو نەدارو بێکارە، کـە لەڕووی چارەنووس و بوونەوە بەکێڵکەی ساکارەوە کـە دەیکێـڵـێت و بەو ئاسـمـانەی سـەرەوەی و بەخواوەندەوە پەیوەستە. دەشێت ئەم وێنەیە جوان بێت و، لە ئاستی یادوەری و تەمەنی منداڵیـەتیدا رۆمـانسـیـانە بێت، بەڵام بەداخەوە وێڕای ئەوەیش لەناو دەچێت و دەمـرێت. تا چ رادەیەک دەشـێت

> *** من لەگەڵ ئەوەم بە زمانی بازاڕی و بەزمانانی کەمەنەتەوەکان و ئەو زمانانە بنووسرێت کە ئەلف و بێیان نییە**

گونجانێک لەنێوان هێشتنەوەی ئەم پێوەندییە منداڵیەتییە خۆش و بێ گوناه و قووڵە لەگەڵ خاکدا پێک بهێنرێت کە گوند بووەتە هێماکەی لە لایەکی دیکەیشەوە دەروازە والاکردن لەسەر گەردوونیانەی جیهان، چونکە نابێت لەو بڕوایەدا بین کە ئێمەی عەرەب بەتەنیا لەم جیهانەدا دەژین. ئێمە بەشێکین لە گەردوون، وەک چۆن بەشێک لە بەروبوومە ئابوورییەکانی وەردەگرین، ناشێت دەبێت هەندێک ڕاو بۆچوونی لەبارەی جیهان و مرۆڤ و هەندێک لە کولتووری لە هەموو بوارەکانی دیکەدا وەربگرین. کەواتە پێویستە لە ئێستە بەدواوە لە گەردوونەکەمانەوە وەک بەشێکی بنەڕەتی لەم جیهانەی تێیدا دەژین هەنگاو هەڵێنین نەک بەوەی لێی دابڕاوین وەک بڵێیت ئێمە شتێک و ئەو شتێکی جیاواز بێت. هەموو ئەم کێشانە هێمایەتی هەورەکان بەوێنەیەک یان وێنەیەکی دیکە، پۆزەتیڤانە یان نیگەتیڤانە، دژ یان دەگەڵ، دەیورووژێنێت.

*** لەچوارچێوەی ئەم دووانەییەوە، وەک خوێنەرێکی ئاگەداری هۆنراوەکانت، کە لە ناوەرۆکدا دیالۆگێکن لەگەڵ ڕەسەنە دوورەکان و لە هەمان کاتیشدا ڕازو نیازن لەگەڵ میتافیزیکدا، بۆچی ئەدۆنیس لەنێوان دەنگدانەوەکانی رابوردوو و بانگەوازەکانی پاشەڕۆژی دووردا دێت و دەچێت؟**

- یەکەم، من لە بۆچوونی شیعریمەوەو لە نووسینە شیعرییەکانمدا لە بۆچوونێکەوە هەنگاو هەڵدەهێنم یەکێتییەک لەنێوان بۆچوونی هزری و بۆچوونی هونەریدا پێک دەهێنێت. لای من هیچ ناوبڕێک لەنێوان شیعرو هزردا نییە. شیعر هزرەو هزری مەزنیش دەبێت بەشێوەیەک یان شێوەیەکی دیکە شیعر بێت. لە مێژوودا هەموو داهێنەرەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە. لە مێژوودا هەموو شاعیرە گەورەکان هزرەڤانی گەورە بوون و هەموو هزرڤانە گەورەکانیش شاعیر بوون، لە هیراکلیسەوە تا ئەفلاتوون تا نیتشە تا دەگاتە فەیلەسووفەکانی ئەمڕۆ کە زۆرن. من یەکییەتێک لەنێوان روانینی هزری و روانینی شیعریدا پێک دەهێنم. دووەم، لە ئاستی بوون و ئینتمام بۆ کولتوورێکی دیاریکراوو گەل و مێژوویەکی دیاریکراو ـ بەخۆم هەڵمنەبژاردووە ـ کە سرووشتیانە، یان بەلەدایکبوون هاتووەتە دی. ئێمەیش لەدایکبوونی خۆمان هەڵنابژێرین، بەڵکو چۆنیەتی ڕەفتارکردن و هەڵسوکەوتکردنی ئەم چارەنووسە مێژووییەی خۆمان هەڵدەبژێرین. چۆن ململانێی لەگەڵ بکەین و چۆن بیگۆڕین و بەئاستێکی دیکەیدا ببەین. من هزرەڤان یان شاعیر بەدرەختێکی لەناو خاکدا چێنراو دەژمێرم و دادەنێم کە ئەو خاکەیش خاکی تایبەت بەخۆی دەبێت. منیش چوون درەختێکی رەگ داکوتاوی ناو مێژوویەکی دێرین، شانازی بەم مێژوو و بەم رەگ داکوتانەوە دەکەم، بەڵام ئەو خاکەی رەگم تێدا داکوتاوە بەشم ناکات، لەبەرئەوە من وەک درەختێک لق و پۆپ و گەڵاو ژیان و هزرم بەهەموو لایەکدا پەرت و بڵاودەبێتەوە. نەک تەنیا رۆژهەڵات و نەک تەنیا رۆژئاوا، بەڵکو باکوورو باشووریش پێکەوە. من وەک ئاسمان والام، بەڵام رەگوڕیشەم لە خاکێکی دیاریکراودایە ئەویش کولتووری عەرەبییە. لێرەوە دەتوانم بڵێم کە من هاتوچۆی تێدا ناکەم، بەڵکو رەسەنایەتی و قووڵبوونەوەیەک لەم ئینتیما گەردوونییەدا دەبینمەوە بەهەنگاو هەڵهێنان لەم ئینتیما تایبەتەمەوە کە ئینتیمای عەرەبییە.

*** کاتێک لە مێژووی کەلەپووری عەرەب دەکۆڵنەوە ڕێبازێکتان هەیە لەسەر بنەمای تاوانبارکردن و لێپرسینەوە دامەزراوە، بۆچی ئەم**

**نیـازە گـومـاناوییـەتان لە باسکردنی کـەلەپووری عەرەبیدا هەیە؟**

ـ نا، تاوانبارکردن نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی من لەسەر لێپرسینەوەو بەردەوام چاوپێداخشاندنەوەی ئەو ژیانە دامـەزراوە کـە دەیگوزەرێنم. کـەلەپوور تەنیـا کتێب یان ناوان و کەسان نییـە. کـەلەپوور تەوژم و رووبارێکی مــەزنەو من بەشــێـک لە ئاوەکـەیم. مـافی ئەوەیشم هەیە بەردەوام چاو بەم جیهـانەدا بخشێنم کە لەبەروبووم و خۆراکەکانی دەخۆم. پێکهاتەی ئەو خۆراکە چییە؟ بەلای منەوە پێویستە مێژوو لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت نەک تاوانبار بکرێت.

* **لەسەر ئاستی بەرهەمی شیعری عەرەبی، ئایە ئەدۆنیس بوێرییەکی شیعری لە نەوەنوێیەکاندا بەدی دەکات؟**

ـ بەداخەوە نا. ئەمەیش تێبینییەکی زۆر گرنگە، چونکە رەفـتـارو نەریتی نووسین لای نەوەی نوێ مـەودای میـتـافـیـزیکی دەکوژێت و زۆرتر غـەمی نووسـەر ئاراسـتـەی ژیانی رۆژانە دەکـات لەگـەڵ وەسـفکردنی ئەو شـتـانەی دەیانبـینێت و روو بەروویان دەبێتـەوە. ئەمەیش لە ئاکامی بەئاشکرا گــــــرۆدەبوون و کــــاریگەری نووســـینە رۆژئاواییەکانەوەیە بەتایبەتی شێوازی ئەمەریکی لە نووسینی شیـعردا. مەودای میـتـافـیـزیکیـانە بەتەواوەتی لەم نووسـینەدا بزرەو ورووژاندنی ئەم کێـشـانە پێویست بەم مـەودا میـتـافـیـزیکیـانە دەکـات، نازانم رەنگە ناوی هەڵە گـەورەکانی لێ بنێم لە نووسـینی نوێی شیـعری عـەرەبیـدا، کـە تێبـینیـیـەکە لەو بڕوایەدام پێویست بەلێکۆڵینەوە دەکـات. رەنگە بەرگـری لە نووسـینی واقـیـعی بکرێت و بەپێی تیـۆرەکـان بگوترێت کـە شـیـعـر پێـویست بەمـیـتـافـیـزیک و بەهزر ناکـات بەڵکو پێویست بەهەستەوەری دەکات. دەشێت بەم جۆرە تیۆرییە بەرگری لەم جۆرە نووسینانە بکرێت، من رێز لەم بەرگری کردنە دەگرم، بەڵام سەبارەت بەخۆم قـایلم ناکـات و وای دادەنێم وەک خـوێنەرێـک ئەم نووسینە هیچ شتێکی گرنگم پێشکەش ناکات.

* **باسی ئەو ماوەو کەلێنە گەورەیەی نێوان خۆت و باوکت کردووە، سەبارەت بە دایکت چی دەڵێیت؟**

ـ بۆ من بـاوکم چوون قـەوارەیەکی کـولتـوور بوو، بۆیە جـۆرە ملمـلانێ و زۆرانبـازیـیـەکم لەگـەڵدا هەبوو. ململانێیەک رێز لێ گرتنێکی تەواوی لەخۆ گرتبـوو. پاش ئەوەی باوکم کۆچی دوایی کـرد بۆم دەرکەوت لەژیانمدا رۆژێک لە رۆژان پێی نەگوتبووم ئەمە بکەو ئەمە مەکە. باوکێک نەبوو بەو واتایە بەڵکو هاوڕێ بوو، بەردەوام پێی دەگـوتم تەنانەت کـە منداڵیش بووم چیت دەوێت بیکە، بەڵام بەر لەوەی ئەو شـتە بکەیت بیر بکەوەو لێی بکۆڵەوەو تاوتوێی بکەو بەراوردی بکەو دواتر بڕیاردان زۆر ئاســان دەبێت. ئەم شـتـەی پێ دەگـوتم. دایکم قـەوارەیەکی کـولتـووری نیـیـە، بەڵکو کـیـانێکی سروشتییە، خوێندەواری نییەو ئێستەیش ماوەو تەمـەنی سـەدو پێنج سـاڵە. بەو شێوەیە دەمـبـینی وەک چۆن کـانییـەک یان درەختـێک یان هەوا یان ئەسـتـێـرە ببـینم. پێـوەندی من لەگـەڵ دایکم پێوەندییەکی ئاسایی بوو هیچ کێشـەیەکم لەگەڵی نەبووە. بە پێـچەوانەوە کـاتێک لەرووی ئەندێشـەو مێشکەوە ماندوو بووایەم، سروشتیانە لە باوەشیدا رادەکشام بۆ ئەوەی بێمەوە سەر خۆم.

* **هەندێک لەرەخنەگران سەبارەت بەتۆ دەڵێن کە تەم و مژیت لە شیعرەکانتدا کردووەتە رێبازو شـێـوازو دوای خـۆت دەرگـەت بۆ (شــاعـیــرە ئەدۆنیسییـەکـان) کردووەتەوە کە لە تەمومژاویدا رێککەوتوون و لە شیعردا نا. ئەدۆنس چۆن وەڵامی**

**ئەم پۆلین کردنە دەداتەوە؟**

- پرسی تەم و مژی لە شیعردا پرسێکی زۆر کۆنەو عەرەب بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو جارێک بەرگری لێکردن و جارێکی دیکە بە ڕەتکردنەوەی خۆیان زۆر پێوە خەریک کردووە. بەم شێوەیە، دیاردەکە نادرێتە پاڵ من، بەڵکو شان بەشانی کەلەپووری کۆنی عەرەب بەردەوام بووە. ئەگەر چەمکێکی دیکەی پرسی تەم و مژی هەبێت ئەوە تێکەڵاوکردنی شیعرە بەهزر یان هەر لە بناخەدا دیتنی من تەم و مژاوییە، بۆیە من بەبەڵێ وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم تەمومژی لای من لە سێ شتی سەرەکییەوە دێت، یەکەم ئەوەیە زمانی شیعریم وەک وشەگەلی زمانی و وەک شێواز ئاسان نین، بەڵکو لێکدراون. منیش دەکۆشم تا بتوانم پێکهاتەیەکی سفت و سۆڵ پێشکەش بکەم. ئەم سفت و سۆڵییەیش پێویست بەشارەزاییەکی باشی زمان و نهێنییەکانی زمان هەیە، بەڕای من ئەمەیش ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی تەم و مژی لای من. چونکە بەداخەوە ئەم شارەزاییە وەک پێویست لەژیانی عەرەبیدا نییە. هەرچی دووەمین هۆیە پێوەندی بەو ئارەزووەمەوە هەیە کە دەمەوێت لە هەر چامەیەکدا دەینووسم سەرلەنوێ مێژووی عەرەب بنووسمەوە. دووبارە نووسینەوەی مێژوویش ژمارەیەکی زۆر لێکدابڕو هێماو کات لەخۆ دەگرێت (رابوردوو، ئێستە، ئاییندە)، هەروەها زۆرترین پرس و سۆزی تێدا تێکدەچرژێت. لەم جۆرە تێکچرژانانەدا - ددانی پێدا دەنێم - ئەو تەم و مژییە پەیدا دەبێت کە ئاماژەت پێداوە. سێیەمین خاڵیش پێوەندی بەهەستوەری شیعریەتەوە هەیە کە تێیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە زەمینەکەی ئەزموونێکی هزریانە بێت. ئەو هەستوەرییەی کە ڕوون و ساکارو تەنکە پێوەندییە هزری و روانینی خوێندنەوە ئاڵۆزتری دەکەن. بەبۆچوونی من پرسی تەم و مژی لە شیعری مندا لەم سێ ڕەگەزەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام تێبینی ئەوەم کردووە کاتێک بە دەنگی خۆم شیعرەکانم بخوێنمەوە ئەم تەم و مژییە کەمتر دەبێتەوە، واتە ئەگەر گوێم لێ بگریت کە دەقێک بخوێنمەوە زۆرترم لێ تێدەگەیت پتر لەوەی خۆت بەتەنیا لە کتێبێکدا بیخوێنیتەوە. منیش دەپرسم هۆیەکەی چییە؟ ئایە ئەو دەنگەیە کە بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی ئاسان کردن و ڕوونکردنەوەی شتەکان دادەنرێت؟ من خوێندنەوەی شیعرەکانی خۆم بە پردێک بۆ پەڕینەوە بەرەو کەناری لێ تێگەیشتنیان دادەنێم، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە کێشەکە لە مۆرکی دەقەکەدا نییە بەوەی تەم و مژاوییە، بەڵکو کێشەکە لە شێوازی خوێندنەوەدایە. بەمەیش دەگەینە ئەو ئاکامەی کە شیعری من پێویستی بەشێوازێکی تایبەت بەخوێندنەوە هەیە. شێوازەکانی خوێندنەوەی گشتی لای ئێمە لە کولتووری عەرەبیدا شێوازی ڕاستەوخۆیانەن، پشت بەهەستی ڕاستەوخۆ دەبەستن کە مەبەستیان تێگەیشتنی خێراو ڕاستەوخۆیە وەک بڵێیت خوێنەرانی ئێمە بیانەوێت شیعر بەو شێوەی تێبگەن کە لە پەخشان دەگەن. لەم جۆرە حاڵەتەشدا، من خۆم بەشەرمەزار نازانم و پەشیمان نیم و تووڕەیش نیم کە بەتەم و مژاوی تۆمەتبار بکرێم، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم تۆمەتە شادومانم دەکات، چونکە داوا لە خوێنەر دەکەم بەشێوازێکی تایبەت بخوێنێتەوە. ئەمە جۆرێکە لە دەوڵەمەندکردنی خوێندنەوە نەک جۆرێک بۆ لاوازو سستکردنی خوێندنەوە. شتێکی دیکەیش هەیە، ئەویش ئەوەیە بەتەواوەتی ڕێڕەوی ئەو خوێنەرە دەگۆڕم کە بیەوێت بە پێچەوانەوە تێبگات. من

ئەو خوێنەرە دروست دەکەم کە لە خوێندنەوەمدا ئازار دەچێژێت و هەرکە بمخوێنێتەوە کێشەیەک یان ئاسۆیەکی لەبەردەمدا والا دەبێت بەمەیش دەوڵەمەندی دەکەم پتر لەوەی هەژاری بکەم. هاوکات ددان بەوەدا دەنێم کە ئەم تەم و مژییە دەبێتە بەربەستێکی بەردەم ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران، چونکە هەرکە تێنەگەن واز لە خوێندنەوەم دەهێنن. هەرچۆنێک بووە، ئەوە من لەو بڕوایەدام ئەوە گوناهی ئەوانە نەک گوناهی دەقەکە، بەتایبەت شیعر لە جیهاندا زۆر لەم جۆرە دەقانەی تێدایە کە پێویست بەو خوێنەرانە دەکەن لە ئاستیاندا بن.

*** لە چوارچێوەی ئاخافتنەکانماندا لەمەڕ پەرەسەندنی شیعری عەرەبی، زۆر شاعیر دەبینین ئەمڕۆ پەنا بۆ نووسینی چامەی پەخشان دەبەن. ئایە ئاسۆی چامەی عەرەبی بە چامەی پەخشان داخراوە یان دادەخرێت؟**

ـ من لەو بڕوایەدام بە پشت بەستن بەئەزموونی ساکاری خۆم وازهێنان لە کێش ئاماژەیەکە بۆ وازهێنان لە زمانی پاراوو کولتووری زمانی پاراو، بۆیە ئەو نووسەرانە دژ بەخودی کێش نین، بەڵکو دژ بەهێمایەتی کێش و پێوەندی بە زمانی پاراوو کردەی زمانەوانی پاراوەوەن. لێرەوە، لەو بڕوایەدان کە پەخشان لەژیانی ڕۆژانەو لەژیانی ئاساییەوەیان نزیک دەخاتەوەو لە زۆر شەکەتی و بارگرانییان قوتار دەکات کە پێوەندییان بە مۆسیقای زمانی عەرەبی و مۆسیقای شیعرو کێشەوە هەیەو لە ئاکامیشدا پێوەندی بە جیهانێکەوە هەیە بە جیهانی کۆنەوە پەیوەستە. وابزانم شتەکە بەم جۆرەیەو من بەنیازپاکی شێ دەکەمەوە، بەڵام ئەوانە لە بیریان چووە کە ئەوان هێشتە بەهامان زمان دەنووسن. ئەگەر بهاتایەو زمانی خۆیان بگۆڕیبایەو بەزمانێکی بازاڕیانە بیاننووسیایە ئەو کات لەگەڵ خۆیان دەگونجان و پتر لۆژیکیانە دەبوون. جا لەبەرئەوەی بەهەمان زمان دەنووسن کە بەر لە دوو هەزار ساڵ (ئەمروئول قەیس) پێی نووسیوە ـ بۆ ڕێزگرتن لە پیشەکەیان وەک شاعیرو نووسەر ـ پێویستە باش ئەو ئامرازانەیان بناسیبایە کە پێیان دەنووسن. ناسینی ئەم ئامرازانەیش پێویستە بە مەعریفەیەکی شیعریانەی ئەم ئامرازە دەکات هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ. بۆیە ئەم دیاردە پەخشانییە بڵاوە جۆرە ڕاکردنێکە، جا لەبەرئەوەی بە جۆرە ڕاکردنێک ناو دەبرێت ئەوە جۆرە نەزانینێکە. تۆ ناتوانێت هیچ شتێک ڕەت بکەیتەوە تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بیناسیت. سەرەتا شتەکە بناسە دواتر پێی بڵێ نا یان بەڵێ و لەبەر ڕووناکی ئەوەیشدا مۆرکی پێوەندی خۆتی لەگەڵ دەستنیشان بکە. ئەمە ڕەخنەی سەرەکیمە لە شاعیرانی پەخشان، بەتایبەتی ئەم شەپۆلە هیچ چارەیەکی نییە هەر دەبێت ڕاوەستێت. هەرگیز بەردەوام نابێت ئەوەش لەبەرئەوەی ئەم جۆرە نووسینە ناتوانێت جوانییەکی نوێ دابهێنێت. بۆ ئەوەیش جوانییەکی نوێ دابهێنیت پێویستە لەڕووی جوانیناسییەوە شارەزاییت لە مێژووی ئەم زمانەدا هەبێت، بۆیە شاعیرانی پەخشان هیچ سستمێک بەدی ناهێنن. هەرچەندەیش لەڕووی تەکنیکەوە تۆ شت برووخێنیت ئەوە ئەو ڕووخانەت بە جۆرە سستمێکی دیکە دەمێنێتەوە، بۆیە تا ئێستە نەگەیشتوونەتە جۆرە سستمێک بۆ نووسینی پەخشان، هێشتە دەقی پەخشان لە کۆمەڵێک بەش پێکهاتووە کە یەکەکانی لە لاپەڕەی سپیدایە نەک لە قەوارەی قووڵ یان پێکهاتەی قووڵیدا. لەبەر تیشکی ئەوەی گوترا، دەڵێم من هیچ پاشەڕۆژێک بۆ ئەم جۆر نووسینە

بەدی ناکەم. هەرچۆنێک بێت نابێت بەو جۆرە لە من بگەن کە دژی ئەم جۆرە نووسینەی پەخشانم، چونکە من یەکەمین کەس بووم لە گۆڤاری (مواقف) و گۆڤاری (شعر)دا هانم دا. هەروەها من یەکەمین کەس بووم پێشنیازم کرد (Pome en prose) بە چامەی پەخشان وەربگێڕرێت و دواتر ئەو ناوە بڵاو بووەوە. کەواتە من دژ بە چامەی پەخشان نیم و هەرگیز دژ بەوە نیم شیعر بە پەخشان بنووسرێت، بەپێچەوانەوە من خۆم بەکاری دەهێنم و داوا دەکەم بەکاری بهێنن، بەڵام من دەڵێم هیچ هونەرێک نییە بێ سستم بێت هەرچەندەیش رووخێنەرو وێرانکەریش بێت. هۆی سەرەکی ئەمەیش ئەوەیە کە هونەر سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی جیهان و پێشکەشکردنی پێوەندی نوێیە لەم جیهانەدا لەنێوان وشەگەل و شتگەل و خوێنەرو لەنێوان شتەگەلە خوێنەرەکاندا. شیعر سستمێکی دیکەیەو من داوا دەکەم لەنووسینی پەخشانکاری ئێستەدا وردبینی و وردەکاری لە داهێنانی ئەم سستمەدا بەکاربهێنرێت، داوایش دەکەم لەسەری بەردەوام بن، بەڵام داوا لە شاعیران دەکەم هەر یەکەو بەشێوازی جیاکارانەی خۆی هەوڵی داهێنانی سستمی تەکنیکی تایبەت بەخۆیان بدەن.

*** ئاماژەتان بە نووسین بە زمانی بازاڕی کرد. لە جەزایر جۆرە شیعرێک هەیە پێی دەڵێن شیعری میللی یان شیعری ئاوازدار، ئەدۆنیسی شاعیر چۆن تەماشای ئەم بەرهەمە شیعرییە دەکات؟**

- پێویستە ئەم نووسینانە لە پێرستی کەلەپووری شیعری عەرەبیدا تۆمار بکرێن و من داوا دەکەم بە گشتی بایەخیان پێ بدرێت، چونکە ئەم جۆرە شیعرە ڕاستەوخۆو بەشێوەیەکی زیندووانە ژیان و هەست و هزری خەڵک دەردەبڕێت، چونکە بەو رادەیەی ڕێز لە خەڵک و لەژیانی خەڵک دەگرین دەبێت ڕێز لەم جۆرە بەرهەمەیش بگرین و خۆشمان بوێت وەک چۆن ئەو بەرهەمە دەستکردەمان خۆش دەوێت کە خۆی لە فۆلکلۆرو پیشەی گۆزەکاری و مافوورو قاڵی و گڵێمدا دەنوێنێت. ئەمانە کاری هونەری بەبەهان. لەم چوارچێوەیەوە، نووسینی شیعر بە زمانی باو (بازاڕی) ئەویش کاری هونەرییە و من داوا دەکەم ئەم شیعرە لە زانکۆو فێرگەکاندا بخوێنرێت بەشێوەیەک ببێتە بەشێک لەژیانی کولتووری هەنووکە. من لایەنگری نووسین بە زمانی باوو لایەنگری لە نووسین بە زمانی کەمە نەتەوەکان و ئەو زمانانە دەکەم کە ئەلف و بێیان نییە. زمان تەنیا ئامراز نییە، بەڵکو بوونی مرۆڤە، چونکە هیچ مرۆڤێک نییە زمانێکی نەبێت، بۆیە پێویستە ڕێز لەم مرۆڤە بگرین ئەویش لەڕێی ڕێزگرتن لە زمانەکەیەوە.

**سەرچاوە:**

بەشی رۆشنبیری سایتی (www .elaph.com) . **سێ شەممە ٢٨ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٨ . هەڤپەیڤینەکە لەلایەن شاعیری جەزایری : (نەجاری جیلانی)یەوە ئەنجام دراوە.**